# بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان-نینا

## بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنەوە

٨ی مارسی ١٩٠٤، ژنانی نیویۆرك بە سازدانی ڕێپێوانێکی جەماوەری دەنگی ژنانیان وەك چینێکی ژێردەستە و زۆرلێکراو گەیاندە جیهان و ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژێکی مێژوویی لە خەباتی ژنان بۆ داکۆکی کردن لە مافە ئینسانیەکانیان.

لەو ڕۆژەدا ژنانی کرێکاری کارگەی شیکاگۆ هێزی بزوێنەر و پێشەنگی ئەو خۆپیشاندانە مێژووییە بوون. ئەوان داخوازییەکانی ژنانیان بەرزکردەوە و دژی هەرجۆرە چەوسانەوەیەکی ژنان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری...تاد. دەنگی نارەزایەتیان هەڵبڕی.

خۆپیشاندانی ژنانی نیویۆرك وەرچەرخانێکی گرینگ و مێژوویی بوو لە وروژاندن و بە جیهانی بوونی کێشەی ژنان بەگشتی و ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك لەو ڕووداوە مێژووییە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ژنان بەتایبەتی بە شکۆدارییەوە یادی دەکەنەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەباتی نەپساوەی ژنان بۆ دابین و دەستەبەر کردنی هەرچی زۆرتری مافەکانیان لە پەرەگرتندایە و تین و گوڕێکی تایبەت و شێوازێکی یاسایی بەخۆوە گرتووە.

٨ی مارسی ١٩١٠ی زایینی، لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی ژناندا لە کۆپنهاك بە پێشنیاری خاتوو کلارا زیتکین بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی ژنانی نیویۆرك، ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژی جیهانیی ژنان و هێمای یەکێتی و هاوخەباتیی هەموو ژنانی دونیا ڕاگەیەندراو و لەو ڕۆژە بەدواوە بزوتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان لە شکل و شێوازی جۆراوجۆردا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان سەرلەبەری جیهانی تەنییەوە.

چەوسانەوەی ژنان و ئەو کۆت و بەندە لەمێژینەیە دیاردەیەکی جیهانییە و ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا سەرەڕای خەباتی بێوچانی ژنان و بانگەوازی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ بنبڕکردن و چارەسەری یەکجاریی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە، هێشتا لە ئاستی پێویستدا هەنگاوی بەکەڵکی بۆ هەڵنەگیراوەتەوە. بەڵام بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە یەکسانی خوازی و دابین بوونی ئەو ڕادەیە لە ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئەنجامی ڕەوتی نەپساوەی خەباتیاندا ئاسۆیەکی ڕوون و دڵخۆشکەر لە هەڵاتنی خۆری ئازادی و داهاتوویەکی گەش بۆ ژنانی جیهان بەدی دەکرێ.

دیارە لە ئێراندا بارودۆخی ژنان و باری یاسایی مافەکانیان بە بەراورد لەگەڵ ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیمۆکراتیك جێی تێڕامان و وردبوونەوەیە. ئەگەر لە وڵاتانی تر ژنان بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیان و بە پشتگیریی کۆمەڵگای پێشکەوتووی مرۆڤایەتی بەشێکی بەرچاو لە ماف و ئازادییەکانیان دابین کردووە، بەڵام لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی هیچ ڕادەیەك لە داخوازییەکانی ژنان نەهاتووەتە دی، بەڵکو لە ئاکامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری ڕێژیمی ویلایەتی فەقێدا ئەمڕۆ ژنانی ئێران نوقمی قەیرانی هەمەلایەنە بوون. ئاستی بەربڵاوی دیاردەکانی خۆکوشتن، لەش فرۆشی و هەڵاتنی ژنان و کچان لە ماڵ و هەروەها کڕێن و فرۆشتنی کچان و حوکمی بەردباران و دەیان بەشمەینەتی دیکە نمونەگەلی ئەو بارودۆخەن.

ژنانی کوردستانیش لە لایەکەوە وەك باقی ژنانی ئێران چارەگە سەدەیەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی دا لە بارودۆخێکی نالەباری کۆمەڵایەتیدا دەژین و بە توندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دراون و ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانیان پێشێل کراون؛ لە لایەکی دیکەوە بەهۆی داگیرکرانی خاك و وڵاتی کوردان و چەساونەوەی نەتەوەیی بە درێژایی مێژوو ژنان هاوڕێ و هاوسەنگەری پیاوانی کورد بوون و ئەو بارەی لەسەر شانی ژنانی کورد چەن قات قورستر کردوە. بۆیە ژنانی کورد وەك ژنانی گەلێکی داگیرکراو هیچکاتێك پشوویان نەداوە و نەحەساونەوە و هەرگیز دەرفەتی گەشەیان لە بوارەکانی ژیاندا بۆ

www.kurdistannet.org

نەرەخساوە. هەروەها دابینکرانی ماف و ئازادییەکانیان راستەوخۆ گرێدراوە بە رزگاری کوردستان و ئازادیی نەتەوەکەمان لە بندەستی داگیرکەران.

ئەمڕۆ لە کوردستان و لە ئێراندا بزوتنەوەی ئازادیی خوازیی ژنان بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان و باشتر کردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان رۆژ لەگەڵ رۆژ لە پەرەگرتندایە. ئەمساڵیش وەك ساڵانی رابردوو لە ئێران رێورەسمەکانی ٨ی مارس لە لایان کوڕ و ناوەندە داکۆکیکارەکان لە مافی ژنان بەرێوەدەچن.

لە ٨ی مارسدا رۆژی نێونەتەوەیی ژنانی جیهان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ژنانی کوردستان و ناوچەکەمان و سەرجەم جیهان دەکەین و ئاواتەخوازین بە پشتگیریی ئازادیخوازان و کۆمەڵگای پێشکەوتووی مرۆڤایەتی و خەباتی لێبڕاوانەی ژنان سەرجەم ماف و ئازادییەکانمان بێنەدی.

**رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان-نینا**

**١٨ی رەشەمەی ٢٧٠٣**

**٨ی مارسی ٢٠٠٤**

ninaazadi@hotmail.com

www.kurdistannet.org